IRAQ- KURDISTAN PARLIAMENT
Kurdistan-hawler

No:
Date:

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
کوردستان ـ هەولێر
ژمارە :
تاريخ :م ١٧/ ٢٠١٤

## بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

پەرلەمانی کوردستان - عێراق
ژمارە ١٧١٨
بەروار ٢٠١٤/١١/١٠

## بابەت/ پرۆژە بڕیار

**سلاّوو ڕێز**

ئێمەی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان که له خوارەوه واژۆمان کردووه پڕۆژه بڕیاری ( **هەژمار کردنی یەك ساڵ خزمەت ( قدم ) بۆ پێشمەرگه و ئەفسەرانه ی لە بەرەکانی شەڕدان** ) تان پێشکەش دەکەین، تکایه بخرێته بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان .

**لەگەڵ ڕێزماندا...**

| ژ | ناوی پەرلەمانتار | واژوو |
| --- | --- | --- |
| ١ | شیلان جعفر علی | |
| ٢ | نجاة محمد عبدالله | |
| ٣ | تحسین اسماعیل احمد | |
| ٤ | مەردان محمد مصطفی | |
| ٥ | فرهاد سوار قادر | |
| ٦ | د. سراج شیخ احمد خیلانی | |
| ٧ | خدیجە رضا | |
| ٨ | ئومید عبدالرحمن | |
| ٩ | بشار مشیر آغا بك | |
| ١٠ | هیفاء حاجی عیدخان | |
| ١١ | ابوبکر عبدالله (هاوری) | |
| ١٢ | بهزاد درویش زیباری | |
| ١٣ | تانیا مستەفا رسول | |
| ١٤ | عباس فتاح احمد | |
| ١٥ | آمینە زکریا سعید | |
| ١٦ | | |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥ | كوثرالت هادي خضر | [signature] |
| ١٦ | د. يسرى صالح موفق | [signature] |
| ١٧ | نجيبة لطيف | [signature] |
| ١٨ | حسين اسماعيل حسين ([illegible]) | [signature] |
| ١٩ | محمد صادق سليم | [signature] |
| ٢٠ | ئاري محمد حيدر حسين | [signature] |
| ٢١ | حمدية ايوب شه رنه مزا | [signature] |
| ٢٢ | د. نسرين حسن العثمان | [signature] |
| ٢٣ | شامو شيخو لغو | [signature] |
| ٢٤ | فيان عباس | [signature] |
| ٢٥ | ~~منيرة~~ وحيدة يامو هرمز | [signature] |
| ٢٦ | | |
| ٢٧ | | |
| ٢٨ | | |
| ٢٩ | | |
| ٣٠ | | |

یەکەم / پەرلەمان سوپاس و پێزانینی خۆی رابگەیەنێت بۆ سەرجەم ئەو پێشمەرگە و ئەفسەرە قارەمانانەی کوردستان بۆ ئەو ڕۆڵە بەر چاو گەورەیەی کە بینیویانە بۆ بەرگری کردن لە خاك و گەلی کوردستان .

دووەم / خزمەتی ساڵی ٢٠١٤ یەك ساڵی خزمەت بە دوو ساڵی خزمەت هەژمار بکرێت بۆ ئەو پێشمەرگە و ئەفسەرانەی کە بە فعلی لە بەرە کانی شەری دژ بە گروپی تیرۆرستی (داعش) ن .

سێیەم / پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پەیرەوی پێویست دەربکات بۆ جێ بەجێکردنی ئەم بڕیارە .

چوارەم / لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتە پەیوەندی دارەکانی تر حکومەکانی ئەم بڕیارە جێ بەجێبکەن .

پێنجەم / ئەم بڕیارە لە (٢٠١٤/١/١) جێ بەجێ دەکرێت و لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان ) بلاو دەکرێتەوە .

هۆکارەکان و پێویستەکانی دەرچواندنی ئەم بڕیارە :

بە لەبەر چاو گرتنی ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە پێشمەرگە و ئەفسەرە قارەمانەکان دەی گێڕن بۆ بەرگریکردن لە خاك و گەلی کوردستان دژی درندەترین ڕێکخراوی تیرۆرستی کە گەورەترین مەترسی بوو بۆسەر دەستکەوتەکانی گەلەکەمان و کە ژیانی خۆیان لە پێناو پاراستنی ئەم نیشتمانە بەخت دەکەن وەك پێزانینێك لە ڕۆڵ و خەبات و بەرخودانی ئەوان ئەم بڕیارە دەرچوێنرا .

IRAQ- KURDISTAN
PARLIAMENT
Kurdistan-Hawler

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**کوردستان ـ هەولێر**

No:
Date:

ژمارە :
تاریخ :٢ / ١١ / ٢٠١٤

**بەڕێزان / سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت / پێشنیار**

**ڕێز و سڵاو ....**

وەکو هەموو ئاگادارین لەم ماوەیەدا هەرێمی کوردستان توشی دڕندەترین ڕێکخراوی تیرۆرستی بووەتەوە کە زیانی زۆری پێگەیاندوین لە هەموو رویەکەوە بۆتە مەترسی بۆسەر دەستکەوتی گەلەکەمان . لەم بارو دۆخەدا هێزەکانی پێشمەرگە ڕۆڵی گەورەو بەرچاویان بینیوە بۆ بەرگری کردن لە خاك و گەلی کوردستان ژیانی خۆیان بەلاناوە بۆئەوەی میلەت بەسەربەرزی بژیت سەرەرای نەبونی موچەی شایستە بۆیان . بۆیە داوادەکەم لە ڕێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانەوە ئەم پێشنیارە بگاتە وەزارەتی پێشمەرگە بەڕێز ( وەزیری پێشمەرگە ) وەك پێزانێك لەم قۆناخەدا بۆ فیداکاری پێشمەرگە قارەمانەکان و ئەفسەرەکان ئەوانەی بە فعلی لەبەرەکانی شەڕدان بۆ هەریەکەیان ساڵێك خزمەت (قیدەم ) هەژمار بکرێت بەبێ جیاوازی کە بێگومان کاریگەری باشی دەبێت لەسەر هاندانی پێشمەرگە قارەمانەکان .

**لەگەڵ ڕێزدا .....**

**شیلان جعفر شێخ علی**
**ئەندامی پەرلەمانی کوردستان**